# The Role of Civilization Management in Social Life- Analytical Research (Economic, Administration and Cultural) in Erbil City

Dr.Hoshmand Rafiq Ibrahim
Department of Tourism Organizations Administration, College of Administration and Economics, Salahaddin University- Erbil
hoshmand.ibrahim@su.edu.krd
Dr. Herdn Ibrahim Ahmed
Department of Psychology, College of Arts, Salahaddin University- Erbil
herdn.ahmed@su.edu.krd

**Abstract**
This research is a sociocultural, administration and economic research in Erbil; The overall goal is to determine the impact of civilization on society. There are not many anthropological and administration -economic studies on Kurdish civilization, but there are few on the management of civilization; This is because "management of civilization" is not an easy subject, and this becomes even more difficult in the case of field research.This is the scientific importance of this article, in which we have tried to use written sources, as well as resorting to direct observations of researchers in the research community, as a fieldwork method, to achieve appropriate goals and results.

**Keywords**: Civilization, Civilizational Management, Social Systems, Economic Media, Socioeconomics.

# دور إدارة الحضارة في الحياة الاجتماعية دراسة تحليلية ( اقتصادية والإدارية والثقافية) في مدينة اربيل

د.هۆشمەند رفيق ابراهيم
قسم الإدارة المنظمات السياحية، كلية الادارة و الاقتصاد، جامعة صلاح الدين- أربيل
hoshmand.ibrahim@su.edu.krd
د.هێردن ابراهيم احمد
قسم علم النفس، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين- أربيل
herdn.ahmed@su.edu.krd

**ملخص**
هذا البحث، هو دراسة اجتماعية ثقافية والادارية والاقتصادية في اربيل. الهدف الرئيسي لهذه الدراسة هو تحديد تأثير الحضارة على المجتمع. لا يوجد الكثير من الدراسات الأنثروبولوجية والإدارية والاقتصادية حول الحضارة الكوردية، ولكن هناك القليل منها حول إدارة الحضارة. وذلك لأن "إدارة الحضارة" ليست موضوعاً سهلاً، ويصبح الأمر أكثر صعوبة في حالة الدراسة الميدانية. هذه هي الأهمية العلمية لهذه الدراسة، حيث حاولنا استخدام المصادر المكتوبة، وكذلك اللجوء إلى الملاحظات المباشرة للباحثين في مجتمع الدراسة، كأسلوب عمل ميداني، لتحقيق الأهداف والنتائج المناسبة.
**كلمات المفتاحية:** الحضارة ، الإدارة الحضارية، النظم الاجتماعية، الإعلام الاقتصادي، الاقتصاد الاجتماعي.

# رۆڵی بەڕێوەبردنی شارستانییەت لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا

تویژینەوەیەکی شیکاری( ئابووری -کارگێری و کولتووری)ییە لە شاری هەولێر

**د.هۆشمەند رفیق ابراهیم**
بەشی کارگێری رێکخراوە گەشتیارییەکان، کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
hoshmand.ibrahim@su.edu.krd
**د.هێردن ابراهیم احمد**
بەشی دەروونزانی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
herdn.ahmed@su.edu.krd

**پوختە**
ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە توێژینەوەیەکی سۆسیۆکولتووریی، کارگێری- ئابووری لە شاری هەولێر؛ ئامانجی گشتیی، دیاریکردنی کاریگەرییەکانی شارستانییەتە لەسەر کۆمەڵگا. توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی و کارگێری- ئابووری لەسەر شارستانییەتی کوردی زۆرنین، هەرچی دەربارەی بەڕێوەبردنی شارستانیەتە هەر دەگمەنن؛ ئەوەش، چونکە لە ڕاستیدا "بەڕێوەبردنی شارستانیەت" بابەتێکی ئاسان نییە و ئەمە سەختتریش دەبێ لە حاڵەتی توێژینەوەی مەیدانیدا.
لە مەشەوەیە گرنگی و بایەخی زانستیی ئەم بابەتە کە تیایدا هەوڵمانداوە لەپاڵ بەکارهێنانی سەرچاوەی نووسراو، هەروەها پەنابەرین بۆ سەرنج و تێبینیی ڕاستەوخۆی توێژەران لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا، وەکو میتۆدی کاری مەیدانی، ئامانج و دەرئەنجامی گونجاوی لێ بەدەستبێنین.
**کلیلە ووشەکان:** شارستانیەت، بەڕێوەبردنی شارستانیەت، سیستەمی کۆمەڵایەتی، میدیای ئابووری، ئابووری کۆمەڵایەتی.

## پێشەکی

هەڵبەتە هەموو شارستانیەتەکان لە مێژوودا، بەرهەمی سەرخان و ژێرخان کۆمەڵگای مرۆڤایەتین، بۆیە رۆڵی بەڕێوەبردنی شارستانییەت لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا، شوێنەواری لەسەر تەواوی کایەکانی ژیان دادەنێت، بەجۆرێک ئەو توێژینەوەیەش شیکارییەکی ئابووری -کارگێری و کولتوورییە لە شاری هەولێر تا بتوانێن بگاتە ئەنجامی ئەوەی چەندە بەڕێوەبردنی شارستانیەت رۆڵی هەیە لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی شاری هەولێر.
لەسەر ئەو بنەمایە توێژەران، ئەو توێژینەوەیان دابەشکردووە بۆ سێ تەوەرەی سەرەکی، کە لە تەوەرەی یەکەم باسدا لە چەمکە گشتییەکان دەکرێت، تەوەوەری دووەم تەرخاکراوە بۆ رۆڵی بەڕێوەبردنی شارستانیەت لە شاری هەولێر، هەروەها تەوەرەی سێیەمیش تیشک خراوەتەسەر ئەنجام راسپارەکان.

## تەوەرەی یەکەم: چوارچێوەی گشتی

لەم تەوەرەیەدا بە وردی تیشک دەخەینە سەر ئەو چەمکانەی پەیوەستن بە توێژینەوەکە، بەمشێوەیەی خوارەوە:

### 1. شار

دیاردەی بەشاریبوون "Urbanism"، لەکاتی ئێستادا بە گرنگترین دەرکەوتەکانی گۆرانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، هەربۆیە جیاوازییەکی زۆری لە پێکهاتە جیاوازەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێنا، دابەشکردنی کار زیادیکرد، سیستەمی پلیکانەی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزبوو، گۆڕان لە جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەهاکان، ئاڕاستەو نۆرمەکان، ئامرازە جیاوازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دروست بوو؛ هەربۆیە چەندین پێناسە هەیە تایبەتن بە چەمکی شاریبوون کە ئاماژە دەکەن بە گواستنەوەی ژیان

لە گوندەوە بۆ ژیانی شارنشینی، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار: هۆکاری کۆچکردن کە بۆمەبەستی خۆگونجاندنی ژیانی شارە، هۆکاری دووەم بەهۆی فراوانبوونی بازنەی گوند و هەروەها گەیشتنی هەندێک لە شێوازەکانی ژیانی شار، کە هەندێکجار بەشێوازی پلیکانە دەبێت. مەحمود کوردی لە توێژینەوەیەکی پڕ بەهادا لەسەر گەشەی شارنشینی زاراوەی جەمسەرگیری شارنشینی " Urban Polarization" بەکارهێناوە کە دەڵێ: (کۆمەڵە دیاردەیەکن لە ناوچەیەکی دیاریکراودا دروست دەبن، هەڵگری چەندین تایبەتمەندی جوگرافی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کارگێڕین بەشێوەیەک کە هەردوو سیفەتی ڕاکێشان و کاریگەرییان تێدا هەیە، لەم ناوچەیەدا کە شایانی جەمسەرگەرین؛ لەم ناوچەیەدا دانیشتوان بەدەست زۆری چالاکییە بەرهەمداری و خزمەتگوزارییەکانەوە دەناڵێن و لەمەشەوە کۆمەڵێک کاریگەری کۆمەڵایەتی، ئابووری، کارگێڕی و جوگرافی لە گشت ناوچە جەمسەرگرییەکەوە دروست دەبێت. (الخزاعلة، ٢٠٢٠، لا ٢٧١ و ٢٧٣).

لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵناسانی وەک: (ماکس ڤیبەر)، (ویتفۆگل) و (پیرن) بەشێوەیەکی گشتی جۆرەکانی شار بۆ دووشێوە دابەشدەکەن کە بریتیین لە: ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایی، بازرگانی و کارگێڕی، بۆرژوازی و تەقلیدی جۆری یەکەمی ئەم پۆلینانەن؛ هەربۆیە پێیان وایە ئەو شارانەن کە خاوەنی دوو کرۆکی ئابووری پێشکەوتوو و دەزگا دیموکراتییەکانی ولاتانی ئەورووپای خۆرئاوان. هەربۆیە هەندێ شار، سەرەڕای نەبوونی هیچ جۆرە زەمینەیەکی پێشتری شار، بەهۆی بڕیارگەلێکی سیاسی و کارگێڕی بەرەبەرە پەیدا دەبن و گەشە دەکەن (موحسنی، ٢٠٠٢، لا٣٢٨). بۆیە بۆمان دەردەکەوێت شار دیاردەیەکی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە کە گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێ؛ لەگەڵ ئەوەشدا شیکردنەوەی زۆر بۆ چەمکی شار کراوە، هەربۆیە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە "شار" واقیعێکی کۆمەڵایەتییەو لە کۆمەڵێک پەیوەندی پێکهاتووە کە بکەرە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامیان دەدەن و ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو پەیوەندییانەوە بۆشایی شار شێوەو شکڵ وەردەگرێت و پەیوەندییەکانی لە ناو شار دروست دەبن؛ لە ڕووی کارگێڕی و ڕامیارییەوە، "شار" بریتییە لەو سنوورەی کە دەسەڵاتی ناوخۆیی تێدا پراکتیز دەکات و بەپێی یاساگەلێکی دانراو مامەڵە لەگەڵ هاوشاریانی دەکات (میران و جبار، ٢٠١٧، لا٣١٦).

لەڕووی ئابوورییەوەش، شار ئەو ناوەندە ئابوورییە کە کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێن تێیدا نیشتەجێن، کە پەیوەستە بەبوونی هێزی کاری بەرهەمهێنەری شایستە، ئەمەش پێویستی بە دابینکردنی سیستەمێکی پەروەردەیی بەهێزە بۆ ناوکی ئەو هێزە کارە، جگە لە توانای نیشتەجێبوونی گونجاو، گواستنەوەی گشتی و توانای پاراستنی ئاسایش و ڕێکوپێکی و جێبەجێکردنی یاسا بەشێوەیەکی کاریگەر، چالاککردنی هەمەجۆریی کولتووریی لە کۆمەڵگادا (غدنز، ٢٠٠٥، لا٦١١). لەڕووی ئەنترۆپۆلۆژیاوە، شار شێوازێکی تایبەتی ژیانی گرووپە مرۆییەکانە، هەربۆیە شار بە وێنەی ئەندامێکی زیندووی کۆمەڵایەتییە و شوێنی نیشتەجێبوونی سروشتی تاکی خاوەنە شارستانیەتە (میران و جبار، ٢٠١٧، لا٣١٦). شار، ناوەندێکی فرە (کولتووری، ئایینی، ئایدۆلۆژیا، نەژادی)یە لەسەر بنەمای خۆگونجاندنی پێکەوەژیانی و بەرژەوەندیخوازی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کارگێڕیی دامەزراوە. هەرچی شارنشینیە گووزارشتە لە جموجوڵی خەڵکی ناوچە لادێییەکان و بازرگانی گوندەکان بۆ ناوچە شارستانییەکان و کارکردن لە بەرهەمهێنان و کۆمپانیاکاندا، گەشەسەندنی شارستانی هەنگاوی گەشەی دانیشتوان و زیادبوونی ناوچە شارستانییەکانە ئەوەندەی ژینگەی شارستانی زیاتر گەشە بکات، هەلی کار زیاتر دروست دەبێت.

## 2. هەولێر

هەولێر، أربیل، ئۆربیل، ئوربیلوم ئاریا، ئیبریا....هتد، هەموو ئەوانە بۆ یەک مانا بەکاردەهێنرێت (عوسمان و عەبدوڵڵا، ٢٠٢٠: ٣١)،دەکەوێتە نێوان هێڵەکانی پانی (٣٦/١) باکوورو هێڵی درێژی (٤٢/٢) ڕۆژهەڵات، کە (٤١٤) مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە. بە بۆچوونی زۆرینەی مێژوونووسان کۆنترین شاری سەر ڕووی زەوییە، کە بەر لە (٦) هەزار ساڵ ژیانی تێدابووە و تا هەنووکە بەردەوامە، لەو دەمەوە، گەلێک شارستانیەت فەرمانڕەوایەتی هەولێریان کردووە، ناوی هەولێر بە (ئەربیلیۆم) بەر لە (٣) هەزار ساڵ لە نووسراوە پیرۆزەکانی سۆمەرییەکان هاتووە، ئەو شارە بەر لە

(٢) هەزار ساڵ تا (٦٥٠) ساڵ بەر لە دایکبووونی مەسیح شارێکی ئاشووری بووە، پاشان میدیاکان حوکمیان تێدا کردووە. هەولێر، وەکو شار لە رووی مێژوویيەوە دڵی زیندووی کوردستان و جیهانە، ئەو شارە بە درێژایی مێژوو، هەر بە زیندوویی ماوەتەوە و بۆتە شوێنی قەڵەمڕەوی شارستانییەتەکانی ناوچەکە، پاش هاتنی ئاینی ئیسلامیش لە سەردەمی خەلیفەی موسڵمانان عومەری کوڕی خەتاب(خوا لێی رازی بێت) خراوەتە سەر دەوڵەتی ئیسلامی، لە سەدەکانی ناوەندیشدا لەلایەن(ئەمەوییەکان، عەباسییەکان، بوەیهییەکان، سەلجوقییەکان، ئەتابەگییەکان) حوکمکراوە.

دوای ئەوەی خوێندەواری پەرەی سەندە و حوجرەو خانەقا و تەکیە کراوەتەوە، چەندین نووسەرو فەیلەسوفی گەورە لەم شارەدا هەڵکەوتوون کە لە هەموو دەوڵەتی ئیسلامیدا و سەرتاسەری جیهان ناوبانگیان پەیداکردوە، وەک: ئیبن خەلەکان، ئیبنومستەوفی، سوڵتان موزەفەرەدین کۆکبۆری، شێخی چۆلی....هتد. لەهەمان کاتدا سەنتەرێکی بازرگانی گەورەبووە، تا ئێستاش ئەو پێگەیەی هەر ماوەو پێشەوە دەچێت. لە ساڵی ١٩٢١ لە دوای دروستبوونی حکومەتی عێراق و لکاندنی کوردستانی باشوور بە دەوڵەتی عێراق، هەولێر کراوە بە موتەسەڕفییەت ، تا ئێستا (٤٢)پارێزگاری هەیە، لە دوای راپەڕینیشەوە رۆژ بە رۆژ ئەو شارە بەرەو ئاوەدانی و گەورەبوون دەچێت، بۆتە ناوەندێکی هزری و رۆشنبیری و سیاسی و بازرگانی ئایینی. لە ساڵی ١٩٩٢وە بۆتە پایەتەختی سیاسی قەوارەی فیدراڵی هەرێمی کوردستان. لە رووی کارگێرییەوە لە (١٠) قەزاو (٣٤) ناحیە پێکدێت:، بەڵام بە بڕیاری ژمارە(١٠٧) لە ٢٠٢١/٧/٢٨ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان قەزای سۆران کرایە ئیدارەیەکی سەربەخۆ.

### 3. شارستانیەت

شارستانیەت، پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی- کولتوورییە، بەشێوەیەکی رێژەیی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا دروستدەکات و کەسایەتییەک و شوناسێکی تایبەت بە تاکەکان و کۆمەڵگاکە دەبەخشێت. هەربۆیە شارستانیەت واتە شێوازی ژیانی تاکەکان لەرووی (کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی) کە رەنگدانەوەی هەیە لەسەر زمانی قسەکردن و هەڵسووکەوت و هۆشیاری کۆمەڵایەتی و لە بیروباوەڕی تاکەکان دەردەخات و بەشێک لە شوناسیان پێکدەهێنێت. هەربۆیە شارستانیەت، بەواتای خۆگونجاندنە لەگەڵ رەوشە کولتوور- کۆمەڵایەتییەی کە هاوشارییان بۆیان دروستبووە. هەروەک مارکس دەڵێت: رەوشی کۆمەڵایەتی هۆشیاری کۆمەڵایەتی دەستنیشان دەکات (میران و جبار، ٢٠١٧). کەواتە شارستانییەت کۆی ئەو دەسکەوت و بەها و دامەزراوە و سیستەمانە دەگرێتەوە کە ژیانی مرۆڤایەتی لە قۆناغی سەرەتایی و سروشتییەوە دەگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی باڵاتر (فرۆید، ٢٠٢١، ل١٢).

هەربۆیە شارستانییەت، پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، پێشکەوتنە بە قۆناغەکانی رێکخراوی کۆمەڵایەتی-کولتووری، سیاسی و ئابووری کە سیستمێکی ئاڵۆزە لە کولتوور و کارگێری و ئابوورییدا کە بنیاتنراوە لەسەر بناغەی کارلێک و پەیوەندی مرۆڤ. بە دیوێکی دیکە دەتوانین بڵێن شارستانیەت بریتییە لە ئاوێتەبوونی هزری مرۆڤ لەگەڵ سروشت و ژیانی ماددی بە هەموو رەهەندەکانیەوە، ئەوا هەر شارستانیەتێک بە ئایدیا و جیهانبینی تایبەتی خۆی و رەنگدانەوەی ئەم ئایدیاو جیهانبینیە لە ژیانی ماددی و کار دەناسرێت، بۆ نموونە کە دەڵێن شارستانیەتی ئیسلامی، فیرعەونی(میسری کۆن) رۆمی، یان چینی یا رۆژئاوایی مۆدێرن، هەریەکەیان جیهانبینی خۆیان هەبووەو هەیە لەگەڵ ژیانی ماددیان کە پەیوەندی بە بواری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئەقڵیەت،بەها مرۆییەکان تا دەگاتە شێوەی ژیان و ئەخلاقی کارو بەرهەمهێنان هەتا جۆرو شێوەی مامەڵە لەگەڵ کەسانی دیکە، دەوروبەر، سروشت، خۆراک و جلوبەرگ و جۆری دیزاینی خانووبەرەو ساختمان! هەر ئەمانەش پێوەربوون و دەبنە پێوەر بۆ جۆری شارستانیەتەکان و دەبنە رەگەزی جیاوازیان. (گەناویی،٢٠١٧).

### 4. بەڕێوەبردنی شارستانیەت

بەڕێوەبردنی شارستانیەتەکان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، چەندین توخم لەخۆدەگرێت، وەک: پەرەپێدانی یاسا و سیستەمی سیاسی، پاراستنی ژێرخانی ئابووری و پێشخستنی بازرگانی،هەروەها گەشەپێدانی تەکنەلۆژیای نوێ و پێشخستنی پەروەردە و پاراستنی ژینگە دەگرێتەوە.
ئیبن خەلدوون باس لە چەند جۆرێکی کۆمەڵگا دەکات: (کۆمەڵگای کێوی، کۆمەڵگای کۆچەری، کۆمەڵگای شوانکارەیی، کۆمەڵگای خێڵەکی، کۆمەڵگای گوندنیشنی کشتوکاڵی، کۆمەڵگای شارستانی)، بڕوای وایە ئەم کۆمەڵگایانە لە فۆرمێکەوە دەگۆڕێن بۆ فۆرمێکی تر، وەکو: کۆمەڵگای شوانکارەیی بۆ کۆمەڵگا گوندنیشنی کشتوکاڵی جێگیر، یاخود گۆڕانی کۆمەڵگای گوندنیشینی کشتوکاڵی بۆ کۆمەڵگای شارنشینی، لەگەڵ ئەوەشدا باس لە خەسڵەتەکانی ئەم کۆمەڵگایەنەش دەکات، کە هەریەکە و خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ نموونە: کۆمەڵگای کۆچەری بەوە جیادەکرێتەوە کە هەڵگری دەمارگیرین کە بە کۆڵەکەی ئەم کۆمەڵگایە هەژماردەکرێت، پیشەیان شوانکارەییە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشیان بەهێز و توندوتۆڵن، پشت بەکاردابەشکردن دەبەستن، ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیشیان بریتیین لە: ( ئایین، دابونەریت، بەها، ویژدان)، بەڵام کۆمەڵگای شارستانی لە ڕووی جوگرافییەوە جێگیرن و ئەندامەکانی لە شار و شارۆچکەکاندا نیشتەجێن و پشت بە پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵیکی چڕ دەبەستن و لەسەر سیستەمێکی وردی کار دابەشکردن و پسپۆڕی دەڕۆن. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان لاوازە و پەیوەندی فەرمی زاڵە بەسەریاندا. دواجار بەوە جیادەکرێنەوە کە ڕەگەزەکانی دانیشتوانیان هەمە چەشنن و کەسی نامۆ و دەرەکی زۆرە لە ناویاندا. بە پشتبەستن بە سروشتی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، دابونەریت، ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی، بارودۆخی جوگرافی، کەشوهەوا، شێوازەکانی ژیان و شێوەی ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، ئەم شێوە جیاوازانەی کۆمەڵگاکان لە یەکتری جیا دەکرێتەوە (ئەلحەسەن، ٢٠١٨، لا١٠٥).
بە مانایەکی دیکەوە دەتوانین ئەوە دەربڕین بەڕێوەبردنی شارستانییەکان پێکهاتووە لە پێشخستنی چالاکییە کولتوورییەکان، وەک: هونەر، ئەدەب و تەلارسازی. یاخود پێشخستنی بیروباوەڕی ئایینی و فەلسەفی، و پاراستنی مافی کەمینەکان. هەموو ئەم توخمانە بۆ بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی شارستانیەتێک پێویستن.

### 5. ئابووری و شارستانیەت

بە بۆچوونی (گەناویی،٢٠١٧) مێژووی شارستانیەت لەو کاتەوە دەستی پێکردووە کە بیری ئابووری لای مرۆڤ دروست بووە بە بەکارهێنانی ئایدیاو عەقڵ و بیری تازە لە کارکردندا لە دەوروبەری خۆی. بۆ نمونە کاتێ مرۆڤ لە قۆناغی ڕاو دەستی هەڵگرت و چووە قۆناغی کشتوکاڵییەوە لە سەرەتای قۆناغی کشتوکاڵی، بیری چاندن، دروستکردنی جۆگەو کەناڵی ئاوی، زانین و دیاریکردنی کاتەکانی تۆوچاندن و دروێنەو بیری بەکارهێنانی ئامرازی کاروگواستنەوە دروست بووە، ئینجا بیری هەڵگرتنی (پاراستنی) بەرووبوم ئەزمونی فێربوون و فێرکردن و ڕاهینان و نیشتەجێبون لەو شوێنانەی گونجاون بۆ کشتوکاڵ و مانەوە لە ڕووی ژینگەوە، دروستبوونی یەکەم قەوارەی کۆمەڵایەتی پەیوەندییە بە دروستبوونی یەکەی شارستانیەوە هەیە بەوەی بیرو جیهانبینی تازە لە دەوروبەری مرۆڤ لەسەر ئاستی ژیانی ماددی و فەرهەنگی ڕەنگی دایەوە، بە درێژایی مێژووی شارستانیەتەکان تا ڕۆژی ئەمڕۆش هزرو جیهانبینی بە پاڵنەرو پێویستی ئابووری ڕۆژو سەردەم ناسنامەو جیاوازی ژیان و شارستانیەتەکانەوە دیاری دەکات.
لەو کلاو ڕۆژنەیەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەها مادییەکان و هۆکارەکانی بەرهەمهێنان لە چوارچێوەی بیری ئابووریدا، بوونەتە هەوێنی لە دایکبوونی شارستانیەتەکان، بەمەیش شاری هەولێریش وەک شارێکی زیندووی جیهان، بە بەردەوامی ژیانی تێداماوەتەوەو خۆی ڕاگرتووە لە بەردەم لێکەوتەکانی شارستانییەتە یەک لە یەک یەکان تا بە ئەمڕۆ دەگات، ئیتر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە هەمیشە دانیشتوانی ئەو شارە خۆیان نوێ بکەنەوەو بەرگەی هەموو گۆڕانکارییەکان بگرن بە هێشتنەوەی کلتووو نەریتە باوە ڕەسەنەکەی خۆیان، بە جۆرێک تونیویانە بەرگەی ڕەشەبای هەموو شارستانییەتەکانی ناوچەکە بگرن بە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی مۆدێرنەوە.

### 6. ئابووری کۆمەڵایەتی

ئابووری کۆمەڵایەتی ڕێگایەکە بۆ ڕێکخستنی چالاکییە ئابوورییەکان، لەسەر بنەماکانی هاودەنگی و هاوکاری یەکتر و هاوکاری دامەزراوەکان کە ئەو چالاکییانە لەخۆدەگرێت وەکو: کۆمپانیا کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگای هاوبەش؛ ئەوەش جۆرێکە لە چالاکیی ئابووری کە ڕەگ و ڕیشەی لە بنەماکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەردەوامیی و بنیاتنانی کۆمەڵگادا هەیە. فاکتەری ئابووری بریتییە لە سەرچاوە، خزمەتگوزاری، کاڵا، بەرهەم و دامەزراندن. هەروەک (ژی جی بینگ) سەرۆک کۆماری چینی میللی دەڵێ: گەشەپێدانی ئابووری بریتییە لە باشکردنی گوزەرانی خەڵک؛ باشکردنی گوزەرانی خەڵک لەڕووی هەلومەرجی گشتی و ئاستی پێویستییەوە گۆڕاون، جاران خەڵک تەنها دەیویست ئەوەندەی خۆراک هەبێت پێی بژی، قوتابخانەیەکی هەبێت تێیدا بخوێنێ و جێیەکی هەبێت تێیدا بژی؛ بەڵام ئێستا خواستەکانی خەڵک هەمەجۆرن، ئەمڕۆ دەیانەوێت وردە وردە داهاتیان زیاد بێت، خزمەتی تەندروستییان باش بێت، دەرفەتی یەکسانی خوێندنیان هەبێت، سستەمی نیشتەجێکردنیان باشتر بێت، ژینگەیان جوان و هەوایان خاوێن بێت (بینگ، ٢٠١٩، لا٥٢٣). ئابووری کۆمەڵایەتی ئەلتەرناتیڤێکە بۆ مۆدێلە ئابوورییە تەقلیدییەکان و هەوڵدەدات بەها بۆ کۆمەڵگا و ژینگە دروست بکات، نەک تەنها بۆ قازانج. لەسەر ئەو بیرۆکەیە دامەزراوە کە چالاکیی ئابووری لە دەوری بنەماکانی دادپەروەری و یەکسانی ڕێکبخرێت، نەک کێبڕکێ و تاکگەرایی. هەر بۆیە لە سایەی جیهانگەراییدا، دونیا بچوک بۆتەوەو بۆتە گوندێکی بچووک، تەنانەت دەتوانین بڵێین بۆتەماڵێکی بچووک لە جیهانی مەجازیدا، ئەوەش ڕۆژ بە ڕۆژ بە هۆی گۆڕانکارییە خێراکان، هەرچی مەعریفە بەرهەمی دەهێنێت، هەموان دەیبیتن و دەیبینن و کەڵی لێوەردەگرن، ئەوەشوایکردووە خواست و ئارەزوی خەڵک لە خواردن جلوبەرگ و پێداویستییەکان بەرەو هەڵشکان بچێت، چونکە خواستی تاک لە کۆمەڵگا لە ژێر ڕۆشنایی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان و بەرزبوونەوەی داهات کێرڤی بەرەو پتربوون دەچێت و نوێی دەبێتەوەو هیچ سنوورێک نەماوە بۆ خواستی تاکەکانی کۆمەڵگا، لەبەرامبەر سەرچاوە بەردەستەکانیش دەگەمەنن، بۆیە دەبێت هاوسەنگی لە نێوەندەدا بکرێت و بە یەکسانی و داپەروەری، خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوڵاتیان لە کۆمەڵگا بکرێت.

### 7. سیستەمی کۆمەڵایەتی

بریتییە لە کۆمەڵێك دەزگای نافەرمی کە شێوازی ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگا دادەڕێژن و بەڕێوەی دەبەن؛ ئەم دەزگایانە ڕێکارەکانی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکانی ئەندامان فەراهەم دەکەن و چاودێریی پیادەکردنیان دەکەن لە پرۆسەیەکدا کە پێیدەگوترێ "کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی". سستەمی کۆمەڵایەتی لە هەر کۆمەڵگایەکدا لەسەر بنەمای چەندین بەهای کولتووری دامەزراوە؛ بەهاکان کرۆك و ناوەڕۆکی کولتوور پێکدێنن و پانتایی تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا لەخۆ دەگرن. لە ئەنجامی گەشەکردن و گەورەبوونی کۆمەڵگا، دەزگا فەرمییەکانیش سەریان هەڵدا بۆ زیاتر پتەوکردن و ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا (میران، ٢٠٢١، لا٥٧)؛ کۆمەڵگای کوردی، کۆمەڵگایەکی پیاوسالارییە کە تیایدا باوک و براکانی باڵادەستن (احمد، ٢٠٢٢، لا٢١).لە هەموو ئەو کۆمەڵگایانەدا کە پیاوسالاریی هێشتا لەسەر هۆشیارییەکی تەسک و سەرەتایی بەندە و لە ڕەفتار و دەرکەوتەیدا مۆدێلی پەتریارکییەتی کۆنی تێنەپەڕاندووە، زمانی گوزارشتکردنی نێر لە خۆی تەنها هێز و سامانە. نێری کورد لە کولتووری پیاوسالارییدا هەوڵدەدات پرۆسەکانی کۆچ و کارکردن و شەڕکردن... وەکو سەرمایەیەکی ڕەمزی بۆ دەرخستنی خورتی و نێریی خۆی بەکاربهێنێت؛ هەر کولتوورێکی نوێ لە کوردستاندا سەرهەڵدەدات، سەرەتایەکی نێرانەی هەبووە، پیاو بزوێن و دەستپێکەرێتی، جڵەوە گرنگەکانی لە دەستدایە، هەر ئەندازیاری یەکەمە و ئافرەت پاشکۆیە، ئەو ڕاستیە تاڵەی ئافرەت بەبێ کۆمەکی پیاو ناتوانێت هیچ بکات (عەلی، ٢٠١٩، لا٧٧- ٨١)؛ سستەمی کۆمەڵایەتی هەر گەلێك بەندە بە کولتوور و ئاستی ڕۆشنبیریی ئەو کۆمەڵگایە؛ کۆمەڵگای کوردەواری لە سەرەتاوە تا ئێستا دەتوانین بڵێین کۆمەڵگایەکی

(باوکسالار)ە، لەبەرئەوەی سەرەتا هەر توخمەکی کولتووری کە دێتە ناو کۆمەڵگا و پەیڕەو دەکرێ، لەسەرەتادا پیاوەکان* مومارەسەی دەکەن و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن و شێوازی پەیڕەوکردنی بۆ تاکی کۆمەڵگا دادەڕێژێ. بەڵام لێرەدا خۆی بە خاوەنی دەزانێ، واتە وەکو کاڵایەک سەیری ئەندامەکانی کردووە، تەنها ببێت بە خزمەتکاری و پڕکردنەوەی ئارەزووەکانی. هۆکاری ئەوەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پیاو تاکە سەرچاوەی داهات بووە، چونکە لە دەرەوەی کاری کردوەو بۆتە هۆکاری پەیداکردنی بژێوی ژیانی خانەوادە، لە پەنای ئەمەشدا ئەگەر ئافرەت خۆشی ببێتە سەرچاوەی داهاتی سەربەخۆی، ئەوا بە ناراستەوخۆ توندوتیژی لە بەرامبەردا بەکارهێنراوە لە بێبەشکردنی میرات یا ئەو مووچەو کرێی و حەقدەستەی لە بەرامبەر ماندووبونەکەی وەریگرتووە، یا لە کاری بەخێوکردنی مەڕوماڵات و کشتوکاڵکردندا، حەقبەشی پێنەدراوەو کۆی دەستکەوتەکە بۆ باوک یا هاوسەر پیاوەکەی بووە.

ئەرکی سەرەکیی کولتوور، بریتییە لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی؛ کەواتە بەرپرسە لە جۆری کەسایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگا. کولتوور و دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی سستەمی کۆمەڵایەتی لە پرۆسەیەکی درێژ و ئاڵۆزی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا جۆری پێویستی کەسایەتیی تاکەکان دادەڕێژن- ئەوش بەمەبەستی پاراستنی سستەمە کۆمەڵایەتییەکە.

- ئەوە کولتوورە فێرمان دەکات پابەند و گوێرایەڵی خێزانەکانمان بین.
- ئەوە کولتوورە فێرمان دەکات کەی و لەکوێ و لەگەڵ کێدا قسەبکەین.
- ئەوە کولتوورە فێرمان دەکات کێمان خۆشبووێ و دۆستایەتییان بکەین.
- ئەوە کولتوورە فێرمان دەکات هەڵوێستەکانمان چۆن بن؟
- ئەوە کولتوورە فێرمان دەکات چ جۆرە پیاو یان ئافرەت بین؟
- ئەوە کولتوورە فێرمان دەکات ....هتد.

هەموو ئەوانەش کە فێریان دەبین چوارچێوەی گشتیی کەسایەتیمان دادەڕێژن. بەڵام ئەم چوارچێوەیە نابێت بە قاڵبێکی داتاشراو بۆ هەمووان، لەمەدا دەبێ ڕەچاوی جیاوازییە کەسییەکانیش بکەین، بۆ ئەمەش دەبێ پەنابەرین بۆ سایکۆلۆژیا (Miran, Novakova, Ahmed, 2021).

## 8. سەرقاڵبوونی ئابووری

لە چەند ساڵی ڕابردوودا جموجۆڵی ئابووری لە هەرێمی کوردستان بەدیدەکرا کە بنچینەکەی، جگە لە کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییێکی سنووردار، بازرگانییەکی چالاک بوو؛ بەڵام ئەم جۆرە چالاکییە بۆ ئابووریی بەرهەمهێنەر لەبار نییە، چونکە پشت بە بواری ئاڵوگۆڕ دەبەستێت و دوورە لە ئابووریی سەرمایەداری کە بەرهەمهێنان دەبێتە بناغەکەی. جگە لە بواری بەرهەمهێنان، بۆ گەیشتن بە قوناغی کۆمەڵگای سەرمایەداری، دەبێ دوو مەرجیتریش لە ئارادابن: یەکەمیان سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆگیای بزنس (Business Ideology) لای ئەندامانی کۆمەڵگا، ئەویتریش، فەلسەفەی دەستێوەرنەدان لای حکومەت (Laissez-faire Philosophy) ئەمانە دوو پرانسیپی سەرەکین لە هەلومەرجی ئابووریی بەرهەمهێنەردا بۆ گەشەکردن و پەرەسەندنی سەرمایەداری وەکو سستەمێک بۆ کۆمەڵگا. ئەم دوو پرەنسیپە بە ئاسانی سەرهەڵنادەن، بەتایبەتی فەلسەفەی دەستێوەرنەدانی حکومەت لە کار و چالاکیی ئەندامانی کۆمەڵگادا؛ هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆری کۆمەڵگا و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی ئەندامانی. لە کۆمەڵگایەکی نیمچە خێڵەکی کە ئەندامەکانی بەپێی یاساکانی باوکسالاری پێگەیینرابن، هەرگیز حکومەتێکی وا نایێتە بەرهەم بە ڕادەیەکی ئەوتۆ دیموکرات بێت و دەست نەخاتە نێو کاروبارو چالاکی و تەنانەت ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانیشەوە؛ چونکە مرۆڤی باوکسالار، لەبابەتی ئەندامانی کۆمەڵگای ئێمە، ڕوانینێکی تایبەتیی هەیە بۆ دەسەڵات، بۆ پلە و پایەی کۆمەڵایەتی؛ پرەنسیپی سەرەکیی پەروەردەی باوکسالاریش کە نزیکەی لە هەموو بیرکردنەوە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی

* مەبەست لە پیاو: بەڕێوەبردنی هەر دەزگایەک کە خۆی بەخاوەن دەزانێ وە وەکو سەرخانێک و دەسەڵاتێکی رەها (مطلق) سەیری ئەندامانی دەکات.

ڕۆژانەی ئەندامانی کۆمەڵگای ئێمە دەردەکەوێ وەکو: بەکارهێنانی دەسەڵاتە لە ناو ماڵ، لەسەرکار، لەگەڵ خزم و برادەراندا، بۆیە پێشبینیکردن بۆ ئایندەی حکومەتێکی دیموکرات دەست نەخاتە نێو کاروباری هاوڵاتیانەوە چ لە عێراق و چ لە هەرێمی کوردستان، کارێکی ئەستەمە (میران، ٢٠١٦، لا١٥٩)؛ هۆکاری سەرەکییش لە کورتهێنانی بەرهەمی خۆماڵیدا بەتایبەت بەروبوومی کشتوکاڵی دەگەڕێتەوە بۆ بێ پلانی حکومەت لە ماوەی ڕابردوودا، بەهۆی ئەوەی بودجەی کەمی بۆ کەرتی کشتوکاڵ تەرخانکردووە، ململانێی نێوخۆیی پارتە سیاسییەکان جوتیاری بەرهەمهێن گوازراوەتەوە بۆ نێو شار و کراون بە کارمەندی حکومەت، ئەوەش وایکردووە کادیری بەرهەمهێن لە گوندەکان کەم بنەوە و بەروبوومی گوندەکان هەناردەی شارەکان نەکرێن، بەڵکو لە پێناو پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بەکاربەران لە دەرەوەی کوردستان هاوردە کران؛ بە جۆرێک ساڵانە زۆربەی پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان وەکو: بەروبوومی کشتوکاڵی و کەرەستەی بیناسازی و جلوبەرگ و خواردەمەنی...هتد لە وڵاتانی تورکیا و ئێران و سوریا... هاوردەدەکرێن؛ لەم ڕێگەیەوە داهاتی نەتەوەیی دەچێتە گیرفانی بازرگانانی بیانی، چونکە هەموو کەرتە ئابوورییەکان پشتگوێخراون کەرتی نەوت نەبێت، بەمەش دەتوانین بڵێین کوردستان هەرێمی بەکاربەرە لە هەموو کەرەستە و کاڵا و بەروبوومەکاندا و ئاستی نرخ کەوتوتە دەست بەرهەمهێنی بیانی، ئەگەر پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەو وڵاتانە گرژی تێبکەوێت، ئەوا هەرێمی کوردستان ڕوبەڕووی قەیرانێکی ئابووریی پڕمەترسی دەبێتەوە، ئاسایشی خۆراک لاسەنگ دەبێت، کە دواجار ئاسایشی نەتەوەیی لەرزۆک دەکات (ڕەفیق، ٢٠٢٠، لا٥٢).

لە هەرێمی کوردستان گۆڕانی ئابووری لە ڕووی داهاتی تاکەوە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینییەوە، بەڵام گۆڕانکاریی بەها ئابوورییەکان بەو شێوەیە نییە، بۆ نموونە بەکارهێنانی لایەنی ئابووری بۆ خزمەت و خزمەتگوزاری پەروەردە، هزر، ڕۆشنبیری وەکو پێویست نییە، تاکو ئێستاش داهات پەیوەستە بە باوکەوە، هەموو سەرچاوەکان موڵکی ئەوە. هەربۆیە، هیچ پێشکەوتنێک پێش پێشکەوتنی ئابووریی ڕوناکبیران نییە، بۆیە هەر نوخبەکی سیاسی کە نیازی پێشکەوتنی وڵاتی هەیە دەبێ ڕوانگەی بەرامبەر بە پێشکەوتنی ئابووری زۆر ڕوون بێت، پێشکەوتنی ئابووری زانستە، کاری ئابووریزانەکانە، بیرکردنەوەی کاری ناوەندی زانکۆکانە، پێشبینی حیزبی و کەسایەتی و ئایدیۆلۆژیاش نییە.

## 9. ڕۆڵی میدیای ئابووری

میدیا ڕۆڵی کارای هەیە لە یەکلاکردنەوەی قەیرانە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان، تەنانەت بۆتە یەکێک لە دەسەڵاتە گرنگەکانی دەوڵەت؛ ئەگەر پێشتر بەدەسەڵاتی چوارەم ناوبرابێت، لە ئێستادا لە وڵاتانی پێشکەوتووی دیموکراتی و شارستانیەتدا بۆتە دەسەڵاتی دووەم، بەتایبەتی لە داکۆکیکردن لە تاکی کۆمەڵگا بەهەموو ڕەگەزە جیاوازەکانەوە (ڕەفیق، ٢٠٢٠، لا١١١). میدیای ئابووری لە سەردەمی کۆنەوە ڕۆڵێکی گەورەی لە گەشەسەندنی شارستانیەتەکاندا هەبووە. لە تابلۆی ئەشکەوتەوە تا هیرۆگلیفی، میدیای ئابووری بۆ گەیاندنی زانست و بیرۆکە و چیرۆک بەکارهێنراوە. ئەمڕۆش میدیای ئابووری بەردەوامە لە ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانماندا. لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆوە تا ئینتەرنێت و بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانمان، ڕوانگە و بۆچوونەکانمان لە قاڵب دەدات، هەر بۆیە بە درێژایی سەردەمەکان بۆ بڵاوکردنەوەی زانست و بیرۆکەکان بەکارهێنراوە. لە داهێنانی چاپەمەنییەوە تا سەرهەڵدانی ئینتەرنێت و بڵاوکردنەوەی زانیاری و دارشتنی بیروڕای گشتی بەکارهێنراوە؛ هەروەها بۆ گەشەپێدانی ئابووری بەکارهێنراوە. لە سەرهەڵدانی بازاڕی بۆڕسە تا گەشەی بازرگانی ئەلیکترۆنی، میدیای ئابووری بۆ ئاسانکاری بازرگانی و وەبەرهێنان بەکارهێنراوە.

توێژەران پێیان وایە میدیای ئابووری بە درێژایی مێژوو کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر شارستانیەتەکان هەبووە، لە سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازییەوە تا گەشەی ئابووریی مۆدێرن، بۆ دارشتنی جیهانەکەمان بەکارهێنراوە. هەروەها میدیای ئابووری کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ژیانی ئێمە هەبووە. لە سەرهەڵدانی ئینتەرنێتەوە تا گەشەی سۆشیال میدیا، میدیای ئابووری بۆ دارشتنی تێڕوانین و بۆچوونەکانمان بەکارهێنراوە. ئایندەی میدیای ئابووری نادیارە؛ لە سەرهەڵدانی زیرەکی دەستکردەوە تا

گەشەکردنی ئینتەرنێتی شتەکان، پێدەچێت میدیای ئابووری لە دوارۆژدا رۆڵی بەرچاوی هەبێت لە ستراتیژیەتی کارو بازرگانی و بەڕێوەبردنی شارستانیەتەکەمان، رەنگە وەک هێزێکی کاریگەر لە ژیانماندا بمێنێتەوە بۆ بازاڕکردنی ئۆنلاین و تەواوی مامەڵە بازرگانییەکان و کۆی چالاکییە ئابوورییەکانی کۆمەڵگە.

## 10.ڕێژەیبوونی لە خێڵخوازی

خێڵ پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە، لە بنەڕەتدا لە یەك خێزان سەریهەڵداوە و ئەندامەکانی نەوەی یەك باپیرەن؛ نەوە دوای نەوە ژمارەیان زیاتربووە و سنووری پەیوەندییان فراوانتر بووە؛ هێزی پێکەوە بەستانیان بریتییە لە پەیوەندیی خوێن و خزمایەتی، لەکاتی فراوانبوونی ڕووبەریان ئەم پەیوەندییانە لاوازتر دەبن (قەرەداخی،٢٠٠٠، لا٨١)؛ خێڵ لە کۆمەڵگای کوردیدا، ڕۆڵی گرنگ دەبینی لە ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی ڕۆژانەدا. هەرکاتێك باسی کۆمەڵگای کوردی دەکرێت، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە لە کوردستاندا پەیوەندییەکانی خێڵەکی- دەرەبەگایەتی بەرقەرارن؛ ئەوەش ڕاستییەکە نکۆڵی لێ ناکرێ، خێڵ لە هەموو ڕەوشێکی سیاسیدا ئامادەیە، ئامادەگیی تەواوی لەناو هوشیاری و ئاگایی ئێمەدا هەیە، ڕاستەوخۆ سەرلەبەری پەیوەندییەکانیشمان ئاڕاستەدەکات؛ چونکە لە کوردستاندا خێڵ تاوەکو ئێستاش هەر شێوە و فۆڕمێکە بۆ ئینستیووتی دەرەبەگایەتی (میران، ٢٠١٦، لا١٥٤). لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی ئەمڕۆ هەرگیز خێڵی نیوسەدەی پێش ئێستا نییە؛ خێڵی ئەمڕۆ گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە و ئەندامەکانی پەیوەندیی ئابووریی نیمچە بۆرژوازییانە بەڕێوەدەبەن. سەرۆك خێڵی ئێستا لە زۆربەی حاڵەتدا شانبەشانی ئەوەی لە لادێ موڵك و ئاژەڵی هەیە، خۆی نیشتەجێی شارە و خانووبەرەی زۆری لە شاردا هەیە، ڕەنگە خاوەنی چەند کارگەیەکیش بێت، لە پاڵ ئەمەشدا بازرگانییەکی چالاکانە دەکات و بۆی هەیە سەرکردایەتیی حیزبێکی سیاسیش بکات، یان هەر نەبێ ئەندام بێت تیایدا، بەمەشەوە ڕۆڵی سیاسی دەبێت و نیمچە دیبلۆماسیەتێکی نێودەوڵەتیش بەڕێوە دەبات. هەرچی ئەندامانیتری خێڵن لە هەڵبژاردنی چالاکییە ئابوورییەکانیان سەربەستن، وەکو جاران نەبەستراونەتەوە بە فەرمانی ئاغا و موڵك و ماڵی، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە ملکەچبوونێکیان بۆ سەرکردەکانیان هەر دەمێنێ. بۆیە سەرۆك خێڵی سەردەمی ئێستای کوردستان هەرگیز تەقلیدی نین، بەڵکو نوێنەرێکی پێشکەوتووی چین و ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتیی خۆیانن؛ بەڵام وابەستەی سەرەکیی ئەمانە تاوەکو ئێستا هەر بۆ خێڵ و بنەماڵەکەیانە و پەیوەندیی خزمایەتی ئێستاش هەر ڕۆڵی باڵا دەبینێ؛ ئەم وابەستەییە بەڕادەیەکی کەمتر کاریگەریی کردۆتە سەر توێژی ڕۆشنبیران، لە پەیوەندیی خێڵەکی- دەرەبەگایەتیدا ماونەتەوە و شەقڵ و سیماکانی پەروەردەی باوکسالارییان پێوە دیارن کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕەنگدەدەنەوە (میران، ٢٠١٦، لا١٥٧). گوتەیەکی ناوداری دێکارت هەیە، دەڵێ: (من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم)، بەڵام لە کوردستانە دەگوترێ، لەبەرئەوەی من پاش ناوم ئەو خێڵەیە کەواتە من هەم، من خاوەن دەسەڵاتم، ئێمە خاوەن نفوسین،...هتد. هەربۆیە تاوەکو ئێستا لەم شوێنە جوگرافیە، خێڵ وەکو باوکێکی خاوەن زانیارییەکی دروست و مەزن سەیر دەکرێ، کۆی فەرمانەکان لەلای ئەوانەوە دەردەچێ و لەلایەن ئەندامەکانی پەیڕەودەکرێ.

## 11.بەها کۆمەڵایەتییەکان

بەها پەیوەندیی توندوتۆڵ و ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ ڕەهەندەکانی هەستی خەڵك و هزر و هەڵسوکەوتەکانی. بەها لە بنەڕەتدا گرنگی بە ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەدات. بەهای بەکارهێنراوی مرۆڤ هەمەجۆر و هۆکارن بۆ ڕێزگرتن و ڕاڤەکردنی دڵنیایی بۆ واتای ژیان، لە نزیکەوە پەیوەستن بە ڕەهەندی هەست و بیرکردنەوە و ڕەفتاری خەڵك(Aktepe, 2015, p.773)
بەها کۆمەڵایەتییەکان بناغەی شارستانیەتێک پێکدەهێنن، وا لە تاکەکان دەکەن کە چۆن کارلێک لەگەڵ یەکتر بکەن، بەگشتی کار لە کۆمەڵگا دەکات. بەهاکانی کۆمەڵگا لە ڕێگەی یاسا و داب و نەریت و بیروباوەڕەکانییەوە دەردەکەون.

تاك لە ساتەوەختی لە دایک بوونەوە بەر بەهاکانی کولتوورەکەیان دەکەویت. فێر دەبن ڕێز لە دەسەڵات بگرن و بەخشندە بن و پێکەوە کار بکەن بۆ چاکەی گەورەتر. ئەم بەهایانە بە نەوەکان دەگوازرێنەوە، شێوازی کارکردنی کۆمەڵگایەک لە قاڵب دەدەن، بەها کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام لە پەرەسەندندان؛ کۆمەڵگاکان لەگەڵ گۆڕان و گەشەکردندا، بەهاکانیشیان بە هەمان شێوە. بە تێپەڕبوونی کات، ڕەنگە ئەو بەهایانەی کە ڕۆژێک قبوڵکرابوون، چیتر وەک ڕەوا سەیر نەکرێن و بەهای نوێش جێگەی ئەوان بگرێتەوە. ئەم پەرەسەندنەی بەهاکان لە یاسا و داب و نەریتی کۆمەڵگایەکدا دەبینرێت. لەگەڵ هاتنە ناوەوەی تەکنۆلۆژیا و بیرۆکەی نوێ، بەهاکانی کۆمەڵگایەک دەگۆڕدرێن بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەیان هەبێت. شارستانیەتەکان بەم شێوەیە پێشدەکەون و خۆیان لەگەڵ سەردەمدا دەگونجێنن. هەروەک لەسەرەتاش ئاماژەمان پێدا " شارستانیەت، پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی- کولتوورییە"، کەواتە ڕوونە ناکرێت بەها کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکان لە شارستانیەت جیابکرێتەوە؛ لەم ململانێیەی یەکێک لە چەمکە بەناوبانگەکەی فرۆید دەردەکەوێت کە ئەویش "گرێی ئۆدیب Oedipus Complex"ە، هەربۆیە هەندێک بەهای کولتووریی هەیە تاوەکو ئێستا شارستانیەت نەیتوانیوە تێکی بشکێنێ یاخود گۆڕانکاری تیایدا بکات، وەکو بەهای (شەرەف، گەورە و بچووکی، پیاو و ژنایەتی، ...)، کەچی لەگەڵ خۆشیدا کۆمەڵێک بەهای تری هێناوە ناو کۆمەڵگا، وەکو بەهای (دیموکرایەتی، مافی منداڵ، مافی ئافرەت،...هتد) کە زۆر یان کەم هەوڵی پابەندبوونی کۆمەڵگا دەدات.

## 12.تەکنەلۆژیا و شارستانیەت

تەکنەلۆژیا بەشێکی دانەبڕاو بووە لە شارستانیەتی مرۆڤایەتی، لە سادەترین ئامرازەکانەوە تا ئاڵۆزترین ئامێرەکان، تەکنەلۆژیا بۆ دروستکردن و داهێنان و پێشخستنی شارستانیەتەکان بەکارهێنراوە. تەکنەلۆژیا ڕێگەی پێداوین جیهانە نوێیەکان بگەڕێین و شارەکان دروست بکەین و فۆرمی نوێی پەیوەندی و گواستنەوە دروست بکەین. ئەمڕۆ تەکنەلۆژیا بەردەوامە لە دارشتنی جیهانەکەمان بە شێوەیەک کە پێشتر نەدەکرا. ئێمە دەتوانین لە چرکەیەکدا دەستمان بە زانیاری لە سەرانسەری جیهانەوە بگات، پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیوەکەی دیکەی هەسارەکەدا بکەین و تەنانەت قووڵایی بۆشایی ئاسمانیش بگەڕێین. تەکنەلۆژیا هێزی ئەوەی پێبەخشیوین کە جیهان دروست بکەین و داهێنان بکەین و جیهان بکەینە پلەیەکی باشتر، هەربۆیە تەکنۆلۆژیا چیتر دیاردەیەکی لاوەکیی ناو کۆمەڵگای ئێمە نین، بەڵکو دیاردەی سەرەکی و بنەڕەتین، دونیای تەکنۆلۆژیا دونیایەکی کۆمەڵایەتی نوێیە کە تاکی کۆمەڵگای کوردی خۆی لەناویدا دەدۆزێتەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا تەنها گرووپ و لایەن و هێزە ئامادەکانی ناو ڕووبەری گشتی نین کە چالاکن و تەکنۆلۆژیا پەیوەندی نوێ و کاریگەری لەسەر ژیانیان بەجێدەهێڵێت، بەڵکو ئەم تەکنۆلۆژیایە لە ناو ڕووبەری تایبەتیشدا بەشێوەیەکی بەرفراوان ئامادەیە و بەشێکی گەورەی ژیانی تایبەتی کەسانێکی زۆری ناو کۆمەڵگای کوردی لە پەیوەندی ڕاستەوخۆدان بەم ئامێرە تەکنۆلۆژیایە تازانەوە، بۆ نموونە: لە زۆربەی ماڵاندا زیاد لە تەلەفیزیۆنێک هەیە، بۆیە وانیشاندەدات ئەندامانی ئەم خێزانە ناتوانن لە سەیرکردنی یەک کەناڵ ڕێک بکەون و ناتوانن یەکڕا بن لەسەر ئەوەی پێکەوە سەیری چی بکەن. بۆیە لە زۆر ماڵدا زیاد لە ئۆتۆمبێلێک و ئامێرێکی تەلەفیزیۆن و کۆمپیوتەرێک و لاپتۆپەک و چەندان سمارت فۆن بوونیان هەیە کە هەریەکێک لەم ئامێرانە بۆ سەیرکردنی کەناڵی دیکە و پێگەیتر و شتێکیتری ناو دونیای تەکنۆلۆژیا بۆ هەریەکێک لەو کەسانە مەیسەر دەکات؛ بەواتایەکیتر تەکنۆلۆژیا لەناو ژیانی کۆمەڵایەتی زیاد لە نەوەیەک بە زیاد لە شێوازێک و مەبەستێک ئامادەیە، چ نەوە کۆنەکان و نوێیەکان، چ ژن و چ پیاو، چ خاوەن پارە و چ هەژاران، دەتوانین بڵێین هەموویان بەکارهێنەری تەکنۆلۆژیان، لە ڕێگای تەکنۆلۆژیاوە ژیانی ڕۆژانەیان ڕێکدەخەن. بۆوەتە هەڵقوڵانی دۆخێک تارادەیەک لە زۆر شوێندا شتێک بە ناوی پیاوان یاخود منداڵانی (گەڕەک، کۆڵان، بەردەرگا) بەمانا سۆسیۆلۆژییەکەی جاران نەماوە، نە یاریی منداڵانی جاران لەناو هەندێ لە کۆڵانەکاندا ماوە، نە کۆبوونەوەی دراوسێکان لەگەڵ یەکدا، نە ئەو سەردان و میواندارییە شەوانانە کە بەشێکی گرنگ و بنەڕەتی ژیانی کۆمەڵایەتی بوون (قانع، ٢٠١٨، ل٢٤٧)؛ هەربۆیە تەکنۆلۆژیا کاریگەری قوڵی لەسەر کۆمەڵگا و کولتوورەکەمان هەبووە. شۆڕشی لە شێوازی ژیان و کارکردن و یاریکردنمان کردووە.

تەکنۆلۆژیا وای لێکردووین کە پەیوەندیمان لەگەڵ کەسانی جیهان هەبێت و دەستمان بە بڕێکی زۆر زانیاری بگات و تەنانەت سنووره نوێیەکانی زانست و پزیشکیش بگەڕێین. هەروەها تەکنەلۆژیا ژیانی ئێمەی ئاسانتر و کاراتر کردووه. لە سیستەمی ئۆتۆماتیکییەوە تا دەگاتە زیرەکی دەستکرد، تەکنەلۆژیا ڕێگەی پێداوین بە هەوڵی کەمتر وتێچوویەکی کەم، ئەرکەکانی خێراتر راپەڕێنین و زۆرترین بەرهەممان هەبێت.

### تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی بەڕێوەبردنی شارستانیەت لە شاری هەولێر

ئەمڕۆ ئابووری بازاڕ و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنی ئامرازەکانی ئابووری و بازاڕ هاوڕێک لەگەڵ بەهاکان و جیهانبینی ڕۆژئاوا ئەم شارستانیەی ئەمڕۆی ڕۆژئاوایان دروستکردووه، لەبەر ئەمە هەر گەلێ توانای بیری ئابووری و بەرهەمهێنانی نەبێ لەگەڵ جیهان بینی و بەهاو ئامانج و فەلسەفەی ژیانی تایبەت بەخۆی لە شارستانیەت دادەبڕێ (گەناویی،٢٠١٧)، لەبەرئەوەی جیهانی ماتریاڵی یا ئابووری مرۆڤ و کولتوورییەکەیە کە چوارچێوەی شارستانی دەهێننە بەرهەم، شاری هەولێریش وەک یەکێک لە شاره دێرینەکانی سەر زەوی، بە درێژایی مێژوو توانیویەتی خۆی بسازێنێ لەگەڵ پێشکەوتنە خێراکانی جیهان، لە هەمان کاتیشدا کولتوورو فەرهەنگەکەی بپارێزێ و ڕۆژ بە ڕۆژ گەشە بکات. هەولێر بە پێی قۆناغبەندییە مێژووییەکان هەردەم ناوەندێکی بازرگانی بووە چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی یا ئاستی هەرێمایەتیدا، ئەمڕۆش لە جیهانی گریمانەییشدا هەولێر پێگەیەکی تایبەتی هەیەو ئابوورییەکەی گەشە دەکات، تەلارە بەرزەکان و کارگەو کۆمپانیا زەبەلاحە نێودەوڵەتییەکانیش گەواهی ئەوە دەدەن، ئەمە سەرباری ئەوەی بۆتە سەنتەری چاپکردنی هەزاران کتێب و دەیان زانکۆو پەیمانگەی تایبەت و حکومی کە ڕەنگدانەوەی تەواوی لەسەر هۆشیاری و ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکەی هەبووەو بوونەتە شارستانیەتێکی تایبەت. ئیدی لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت بەڕێوەبردنی شارستانییەت چەندە کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتییدا، چونکە بەبێ بەڕێوەبردنێکی کار، هیچ کات ناتوانرێت شارستانیەتێک بونیات بنێت کە ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، بە جۆرێک ئەو جۆرە کارگێڕییە لەگەڵ ئەوەی بە شێوەیەکی سیستماتیک و زانستیانە نەبووە، بەڵکو بەشێوەی سەربەخۆییانە وایکردووە کە لێکەوتەی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکانی شاری هەولێر هەبێت، تەنانەت کارگێڕی ئەو شارە لە پرۆسەی بە شاریبوونیشدا لەگەڵ ئەوەی بە چەندین قۆناغی دژوارو دژ بە یەک تێپەڕییەوە، کە لە مێژووی هاوچەرخدا سێ دەیە یا زیاتر لە چنگی فەرمانڕەوایەتی جیاواز بووە، ڕەنگدانەوەی هەبووە.

### تەوەرەی سێیەم: ئەنجام و ڕاسپاردە

#### 1. ئەنجام

1. شارستانێتی بە سەرهەڵدانی شار و نووسین و پێکهاتە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان و حکومەتی ڕێکخراوەوە دیاری دەکرێت زۆرجار بە پرۆسەی زیاتر بوون بە "شارستانی" ناودەبرێت و لە ئەنجامی مێژوویەکی دوور و درێژ و ئاڵۆز لە گەشەی مرۆڤایەتییدا.
2. تەکنۆلۆژیا کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر شارستانیەتی مرۆڤایەتی هەبووە، لە داهاتووشدا بەردەوام دەبێت لە داڕشتنی جیهانەکەمان. بەڵام گرنگە ئاگاداری مەترسی و ئاڵنگارییەکانی ئەگەری تەکنەلۆژیا بین، و بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە بەکاری بهێنین.
3. تەکنەلۆژیا توانای ئەوەی هەیە گۆڕانکاری و پێشکەوتنی گەورە لە جیهانەکەماندا بهێنێتە ئاراوە.
4. میدیای ئابووری بە درێژایی مێژوو ڕۆڵێکی گەورەی لە گەشەسەندنی شارستانیەتەکاندا هەبووە. لە داهێنانی چاپخانەوە تا سەرهەڵدانی ئینتەرنێت.
5. بەها مادییەکان و هۆکارەکانی بەرهەمهێنان لە چوارچێوەی بیری ئابووریدا، بوونەتە هەوێنی لە دایکبوونی شارستانیەتەکان، بەمەیش شاری هەولێریش وەک شارێکی زیندووی جیهان، بە

بەردەوامی ژیانی تێداماوەتەوەو خۆی ڕاگرتووە لە بەردەم لێکەوتەکانی شارستانییەتە یەک لە یەک یەکان تا بە ئەمڕۆ دەگات.

6. میدیای ئابووری لە ساڵانی داهاتوودا وەک هێزێکی کاریگەر لە ژیانماندا دەمێنێتەوە. لە سەر هەڵدانی زیرەکی دەستکردەوە تا گەشەکردنی ئینتەرنێتی شتەکان.
7. هەر گەلێ توانای بیری ئابووری و بەرهەمهێنانی نەبێ، لەگەڵ جیهان بینی و بەهاو ئامانج و فەلسەفەی ژیانی تایبەت بەخۆی لە شارستانیەت دادەبڕێ.
8. شاری هەولێر بۆتە سەنتەری چاپکردنی هەزاران کتێب و دەیان زانکۆو پەیمانگەی تایبەت و حکومی، کە ڕەنگدانەوەی تەواوی لەسەر هۆشیاری و ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکەی هەبووەو بوونەتە شارستانیەتێکی تایبەت.
9. جیهانی ماتریاڵی یا ئابووری مرۆڤ و کولتوورییەکەیە کە چوارچێوەی شارستانی دەهێننە بەرهەم.

## 2 .ڕاسپاردە

1. ڕاسپاردە دەکەین کە لەلایەن توێژەرانەوە لێکۆڵینەوەی دیکەی بکەن لە بارەی ڕۆڵی بەڕێوەبردنی شارستانیەت لە گەشەی ئابووری و کولتووری شاری هەولێر.
2. ڕاسپاردە دەکەین بە نووسینی ماستەرنامەو تێزی دکتورا لە سەر شارستانیەت و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری شاری هەولێر.
3. ڕاسپاردە دەکەین بەوەی کە بەرپرسانی کارگێڕی شاری هەولێر ڕوانگەو دیدی ڕوونیان هەبێت لە بوارە کولتووری و ئابوورییەکانەوە بۆ هێنانە کایەی شارستانیەتێک کە لەگەڵ شارستانیەتی ئەمڕۆی جیهان یەکانگیربێت.
4. ڕاسپاردە دەکەین بەوەی نووسران و ڕۆشەنبیران توێژینەوەی وورد بکەن لەسەر تەواوی بوارە جۆر بە جۆرەکانی شارستانیەتی شاری هەولێر، ئایا لە ڕابردوودا هەولێر چەندە ڕۆڵی هەبووەو گۆڕانکارییە کولتووری و ئابوورییەکانیش چەندە ڕەنگدانەوەی لەسەر ناوچەکە هەبووە، یا شارستانیەتیەکانی دیکە چەندە کاریگەری لەسەر هەولێر هەبووە.

## سەرچاوەکان

### ١.سەرچاوەکانی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی

1. احمد، هێردن ابراهیم (٢٠٢٢). ڕۆڵ و کاریگەری بەها کولتوورییەکان لەسەر پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی: توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆگییە لە هەرێمی کوردستان، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر.
2. بینگ، ژی جی (٢٠١٩). پرۆسەی حوکمڕانیی لە چین، وەرگێڕانی: خەسرەو حمەرەشید ئەحمەد، فواد فەخری ئەحمەد و سەلمان عەلی، بەرگی دووەم، ناوەندی چاوی کورد.
3. ڕەفیق،هۆشمەند (٢٠٢٠). تیرۆری ئابووری، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ئێران.
4. الخزاعلة، عبدالعزیز (٢٠٢٠). بەشارییوون، لە: دەروازەی کۆمەڵناسی، کۆمەڵێک نووسەر، وەرگێران: توانا فریدون، مێخەک.
5. عەلی، بەختیار (٢٠١٩). ناشوێن، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، چاپی دووەم.
6. غدنز، أنتونی (٢٠٠٥). علم الاجتماع، ترجمة: الدكتور فایز الصیاغ، بیروت، المنظمة العربیة للترجمة.
7. فرۆید، زیگمۆد (٢٠٢١). شارستانیەت و ناکامییەکانی، وەرگێرانی: وەلید عومەر، ڕوشدی جەعفەر، سلێمانی، ناوەندی ڕەهەند.
8. قانع، مەریوان وریا (٢٠١٨). کۆمەڵگا و غەریبەکانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی ئەندێشە.

9. قەرەداخی، عەتا (٢٠٠٠). کۆمەڵگەی کوردی و پەرەسەندنی ناسروشتی.
10. گەناویی، محەمەد امین (٢٠١٧). ئابوری و شارستانی، ماڵپەڕی شەن پریس، (ئابوری و شارستانی(shanpress.com)
11. موحسنی، مەنوچێهر (٢٠٠٢). دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێران بۆ سەر زمانی کوردی: کۆمەڵێک نووسەر، هەولێر،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
12. میران، رشاد. و جبار، نادیة ولی (٢٠١٧). کاریگەریی پرۆسەی بەمەدەنیبوون لەسەر دانیشتوانی شاری هەولێر (توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە- شار)، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان بەرگی ٢١، ژمارە(٣).
13. میران، رەشاد (٢٠١٦). چەند بابەتێکی ئێتنۆکۆمەڵایەتی، هەولێر، ناوەندی ئاوێر.
14. میران، رەشاد (٢٠٢١). مرۆڤناسی، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
15. ئەحمەد، بژار عوسمان.و عادل، رۆژ عەبدوڵڵا (٢٠٢٠). ئەرگوش؛ لە چەند بەڵگەنامەیەکی عوسمانی و بەریتانی دا ١٨٣١-١٩٤٧، چاپخانەی دارا پرینتینگ.
16. ئەلحەسەن، ئیحسان محەمەد (٢٠١٦). ڕابەرانی هزری کۆمەڵایەتی: لێکۆڵینەوەیەکی شرۆڤەکارییە لە مێژووی هزری کۆمەڵایەتی، وەرگێرانی: دانا مەلا حەسەن، چاپخانەی ئەندێشە.

**٢.سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

1. Aktepe، Vedat (2015). Implementation of a Performance Task for Developing, edam 771- 786.
2. MIRAN، R., NOVÁKOVÁ, K., & AHMED, H. (2021). Culture and values in Kurdish society in the Kurdistan Region of Iraq, Jornal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences 68.